# ئاڵنگاری و پێشکەوتن لە جێبەجێکردنی ڕێبازی فێربوونی خوێندکار سەنتەری لە زانکۆی کۆیە

**حازم علی رمضان**

بەشی پەروەردە و دەروونزانی، فەکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

شێوازی فێربوونی خوێندکار سەنتەری یەکێکە لە شێوازە نوێیەکانی فێربوون کە لە دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا بەکاردەهێنرێت بەمەبەستی فێرکردنێکی باشتری خوێندکاران. مەبەست لەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی ئەو ئاستەنگە سەرەکیانەیە کە ڕووبەڕووی مامۆستایان دەبێتەوە لە جێبەجێکردنی فێربوونی خوێندکار سەنتەری لە زانکۆی کۆیە بەتایبەتی لە بەشەکانی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان کە دووساڵە پیواژۆی بۆلۆنای لێ جێبەجێ دەکرێت. ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدی چۆنایەتی ئەنجامدراوە بە کەڵکوەرگرتن لە چاوپێکەوتنی نیچەکراوە لەگەڵ نمونەیەکی ئامانجدار لە ٢٠ مامۆستا کە خولی پێداگۆجییان تەواو کردووە و ئەزموونیان هەیە لە بەکارهێنانی ڕێگاکانی وانەوتنەوەی خوێندکار سەنتەری لە زانکۆی کۆیە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە زانکۆی کۆیە بە وەرگرتنی بەشەکانی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان وەک نموونە لە ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣-٢٠٢٤. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئاشکرای دەکات بەرچاوترین ئاستەنگەکان بریتین لە سنورداری کات بۆ مامۆستایان کە ناتوانن یەکەکانی وانەکەیان تەواوبکەن هەروەها نەبوونی ئاسانکاری و سەرچاوەی پێویست، جگە لەوەش بە وتەی مامۆستایان زۆرێک لە خوێندکاران ئاشنا نین بە شێوازی فێربوونی خوێندکار سەنتەری لەبەرئەوەی لە قۆناغەکانی پێشتری خوێندنەکەیان ئەزموونیان نەکردووە، ئەمەش بەربەستێکی ترە لە گواستنەوە لە مۆدێلە تەقلیدییەکانی مامۆستا سەنتەری بۆ خوێندکار سەنتەری. سەرەڕای ئەوەش، نەبوونی هاوکاری لە نێوان مامۆستایان بە بەکارهێنانی شێوازی جیاوازی وانەوتنەوە، هەروەها پەیوەندی لاوازی نێوان زانکۆ و کۆمەڵگە، ئاستەنگە سەرەکیەکانی جێبەجێکردنی فێربونی فێربونن بە شێوازی خوێندکار سەنتەری. توێژینەوەکە بۆ چارەسەری ئەم ئاڵنگاریانە پێشنیاز دەکات پشتگیری دامەزراوەیی زیاتر بکرێت، هەروەها ئاستی هاوکاری لە نێوان زانکۆ و کۆمەڵگە بەرزبکرێتەوە، جگە لە تەرخانکردنی زیاتری سەرچاوە و ئاسانکاریە پێویستەکان. چارەسەرکردنی ئەم پرسانە زۆر گرنگە بۆ جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی فێربوون بە شێوازی خوێندکار سەنتەری لە خوێندنی باڵادا، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداریکردنی خوێندکاران، پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە(Critical Thinking) و فێربوونی سەربەخۆ(Self-Learning) .

**کلیلە وشەکان:** ئاڵنگاری، خوێندکار سەنتەری، پێداگۆجی، ژینگەی فێربوون، بۆلۆنا

## ١. پێشەکی[1]

میتۆدی خوێندکار سەنتەری وەک چرایەکی داهێنانی پەروەردەیی دەدرەوشێتەوە، بەڵام ئاڵنگاری ئاڵۆزی هەیە کە هۆکارە بۆ کاڵکردنەوەی کاریگەریەکانی. توێژینەوەکانی ئەم دواییە تیشک دەخەنە سەر ئەو بەربەستە فرەلایەنانەی کە ڕێگری لە جێبەجێکردنی کاریگەرانەی ئەم ڕێبازە پێداگۆجییە دەکەن. توێژینەوەی (Ibrahim, ٢٠٢٤) هۆکارە دامەزراوەییە گرنگەکان دەستنیشان دەکات کە کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر کاریگەریی میتۆدەکە هەیە، لە کاتێکدا توێژینەوەی (Moges, ٢٠١٩) ئاشکرای دەکات مەیلی مامۆستایان بۆ فێرکردنی نەریتی ئاڵنگاریەکی سەرەکیە کە لەبەردەم میتۆدی SCL دایە. فێربوون بەم میتۆدە یەکێک لە گرنگترین شێوازەکانی فێربوونە، چونکە جەخت لە بەشداری کارای خوێندکار دەکات لە پرۆسەی فێربووندا، لەبەر ئەوەی پێداویستیەکانی سەدەی نوێ جەخت لەسەر بەشداری چالاکانەی خوێندکاران دەکاتەوە بە چاندنی کارامەیی بنەڕەتی. ئەم کارامەییانەش دەتوانرێت پۆلێن بکرێن بەم شێوەیە:

١. تواناکانی داهێنان و نوێگەری: بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، چارەسەرکردنی کێشەکان، پەیوەندیکردن، و هاوکاریکردن.

٢. لێهاتوویی خوێندەواری: خوێندەواری زانیاری، میدیا، و تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندییەکان (ICT).

٣. لێهاتوویی ژیان: نەرمی و گونجاندن و خۆئاڕاستەکردن و لێهاتوویی کۆمەڵایەتی و کولتووری و بەرهەمهێنان و سەرکردایەتیکردن(Van Laar et al, ٢٠١٧: ٥٧٨).

[1]. گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ٢ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی وەرگرتن ١ سەرماوەز ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ٢٠ ڕەشەمێ ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٧ ڕەزبەر ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە.

ئیمەیڵی توێژەر: Hazm.ali@koyauniversity.org

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ حازم علی رمضان، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND ٤.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/١٠,١٤٥٠٠/kujhss.v٨n٢y٢٠٢٥.pp٤١-٤٧


لە کاتێکدا کە توێژینەوەکانی پێشوو لە چوارچێوەی تایبەت و ژینگەی فێربوونی خۆیاندا توێژینەوەیان لە SCLدا کردووە، بەڵام هێشتا کەلێنی بەرچاوهەن لە تێگەیشتن لە ئاڵنگاریەکانی ئەم میتۆدە لە ژینگەی جیاوازدا. بۆیە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ ئەم بۆشاییە بە توێژینەوەکردن لە ئاستەنگە سەرەتاییەکانی بەردەم فێربوون بە شێوازی خوێندکار سەنتەری لە زانکۆی کۆیە. بە تایبەتی توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە: ئەو ئاڵنگاریە سەرەکیانە چین کە ڕێگری دەکەن لە جێبەجێکردنی کاریگەرانەی میتۆدەکە لە چوارچێوەی ئەم دامەزراوەیەدا ؟

چەمکە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە پێکدێت لە **شێوازی خوێندکار سەنتەری:** کە مەبەستمان لێی هەر ڕێبازێکی پەروەردەیی کە گرنگی بە پێداویستییەکانی فێرخواز بدات، خوێندکار سەنتەریە. ئەم جۆرە پەروەردەیە خوێندکار دەکاتە چەقی پرۆسەی فێربوون(Lynch, ٢٠٢٢). لەم مۆدێلە فێربوونەدا خوێندکار خاڵی سەرەکی گرنگی پێدانە. ئەو چالاکیە جۆراوجۆرانەی کە ئەم میتۆدە جەختیان لەسەر دەکات بریتیین لە :کارکردن بە گروپ، بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا، گفتوگۆی گروپی، پێشکەشکردنی سمینار و نووسینی ڕاپۆرت و توێژینەوە، فێربوون لەسەر بنەمای پرۆژە، پۆلی بەرەواژ Flipped Classroom. لەبەرامبەردا **شێوازی مامۆستا سەنتەری-Teacher Centered Approach** هەیە، ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ ڕێبازێکی پەروەردەیی کە تێیدا مامۆستا ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی دەگێڕێت لە پرۆسەی فێربووندا. لەم شێوازەدا مامۆستا سەرچاوەی سەرەکی زانیاریە و خوێندکاران پاسیڤن/گوێگرن و زانیاری تەنها لە مامۆستا وەردەگرن. ڕۆڵی مامۆستا ناوەندی و دەسەڵاتدارە، لە کاتێکدا ڕۆڵی خوێندکاران بە شێوەیەکی سەرەکی گوێگرتن و وەرگرتنی زانیاری و جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانە. ئەم شێوازە لە چوارچێوەی تیۆری ڕەفتارگەراییدایە بۆ فێربوون Behaviorism Theory (Zohrabi, ٢٠١٢: ١٨). کۆتا چەمکیش **ئاڵنگاریە:** ئاماژەیە بۆ دۆخێک کە دەتوانرێت بەسەریدا زاڵ ببیت. ئاڵنگاریەکان هەمەچەشنن، لەوانە ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری، ڕێکخراوەیی، تەکنەلۆژی و ژینگەیی. هەروەها ئاڵنگاریەکان دەکرێت بریتی بن لە هۆکار یان بارودۆخێک کە ڕێگری لە تاکەکان یان دامەزراوەکان دەکەن لە گەیشتن بە ئامانجەکانیان (Handayani, ٢٠٢٣). لەم توێژینەوەیەدا ئاڵنگاری بەکارهاتووە بۆ وەسفکردنی ئەو ئاستەنگانەی کە بوونەتەهۆی ڕێگریکردن لە جێبەجێکردنی SCL. بە بەراوردکردنی هەردوو شێوازەکە دەتوانین باشتر لە میتۆدەکان تێبگەین، هەروەک لە خشتەی ١ ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی(١)

بەراوردی نێوان ڕێبازی خوێندکار سەنتەری و مامۆستا سەنتەری*

| ژ | تایبەتمەندی | مامۆستا سەنتەری | خوێندکار سەنتەری |
|---|---|---|---|
| ١ | ڕۆڵی مامۆستا | سەرچاوەی سەرەکی زانین و دەسەڵات | ئاسانکار و ڕێبەر |
| ٢ | ڕۆڵی خوێندکار | ناکارا -پاسیڤ-، بە پلەی یەکەم گوێگرتن و تێبینیکردن | چالاک-ئاکتیڤ-، گەڕان و دۆزینەوەی زانیاری |
| ٣ | فۆکەسی فێربوون | لەبەرکردن و تاقیکردنەوە | بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و چارەسەرکردنی کێشەکان و داهێنان |
| ٤ | شێوازەکانی فێرکردن | ئاراستەکردنی چالاکی و ئەرکەکان لە لایەن مامۆستاوە | شێوازی فێربوون بریتییە لە هاوکاری و هەماهەنگی |
| ٥ | سوودە ئەگەریەکان | بەکارهێنانی کارایانەی ماددەکان و ژینگەی ڕێکخراو | تێگەیشتنی قووڵتر، بەشداریکردن و پاڵنەر |
| ٦ | خاڵی سنوردار | لەوانەیە ببێتە هۆی بێزاری و خۆبەدەستەوەدان، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی سنووردار | لەوانەیە پلان و بەڕێوەبردنی زیاتری پێویست بێت، بۆ هەموو بابەتەکان نەگونجێت. |




شێوەی(١) بەراوردی بنەماسەرەکیەکانی ڕێبازی مامۆستا سەنتەری و خوێندکار سەنتەری

**ئەدەبیاتی پێشوو Literature review**

چەند پرسێک لەم شێوازەی فێربووندا هەیە. لە توێژینەوەیەکدا دەرکەوتووە کە مامۆستایان لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم شێوازەی فێربووندا ڕووبەڕووی هەندێک ئاستەنگ بوونەتەوە لەوانە : بێباکی و متمانە نەبوون، بێباکی مامۆستایان و خوێندکاران و هەستکردن بە نائارامی لە کاتی کارکردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا( Kumar, ٢٠١٦: ١٢٢٥). ساڵی ٢٠١٥دا، سینەم ئەسلان و چارڵز ڕیگلۆت توێژینەوەیەکیان لە قوتابخانەی مینیسوتا نیو کانتری لە ویلایەتی مینیسوتا لە ئەمریکا ئەنجامدا، بە ناونیشانی پشکنینی ئاڵنگاریەکانی میتۆدی خوێندکار سەنتەری، بە گوتەی مامۆستایان ئەم چوار پرسە بنەڕەتیەی خوارەوە گرنگترین ئاڵنگاریەکان بوون:

١. عەقڵیەتی خوێندکار: گۆڕینی فێربوونی ناچالاک و مامۆستا سەنتەری بۆ فێربوونی چالاک و خۆفێرکردن/ خۆئاڕاستەکردن.

٢. کاتی مامۆستا: مامەڵەکردن لەگەڵ داواکاریە زۆرەکان بۆ بەڕێوەبردنی پرۆژەکانی خوێندکاران.

٣. بیرکاری: لابردنی بیرکاری لە شێوازی فێربوون لەسەر بنەمای پرۆژە(Project-based learning) بەهۆی تایبەتمەندی فێربوونی بیرکاری لەلایەن خودی خوێندکارەکە خۆیەوە.

٤. یەکخستنی ڕاوێژکاریەکان: دڵنیابوون لە بابەتی نمرە و بەدەستهێنانی شارەزایی لەلایەن خوێندکارانەوە( Aslan & Reigeluth, ٢٠١٥).

وە ئەم میتۆدی فێربوونە کۆمەڵێک ئاڵنگاری تێدایە، کە هەندێکیان جێبەجێکردنی وەک خۆی قورس دەکات. بەپێی توێژینەوەیەک، شێوازەکانی خوێندکار سەنتەری ئاڵۆز دەردەکەوێت ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی هەڵوێستی نەرێنی خوێندکاران. وە بەگوێرەی بەڵگەکان کە دەربارەی کاریگەریەکانی ژینگەی فێربوون لەسەر بنەمای خوێندکار سەنتەری هەن، ئەو خوێندکارانەی ڕووکەشانە فێردەبن، کەمتر بەشداری فێربوونی قوڵ دەکەن. سەرەڕای ئەوەی فێربوونی ڕووکەشانە و فێربوونی قوڵ کاریگەریان هەیە لەسەر پرۆسەی فێربوون(Wulf, ٢٠١٩: ٥١).

ئاڵنگاریەکان لە هەمبەر فێربوون بەشێوازی خوێندکار سەنتەری بەگوێرەی کلتورەکانیش دەگۆڕێت، لە لێکۆڵینەوەیەکیدا لە زانکۆی نزوا لە عومان دەرکەوتووە کە کێشەکان بریتین لە نەزانینی زمانی ئینگلیزی، نەبوونی کارلێک لە نێوان کچان و کوڕان لە چالاکییەکان، کولتوور، و ناتەبایی پرۆگرامی خوێندن لەگەڵ دۆخی کۆمەڵگەی ناوخۆیی و هەڵوێستی خراپی خوێندکاران بەرامبەر بە شێوازەکانی خوێندکار سەنتەری و مامۆستا سەنتەری، چالاکییە گروپییەکان و بەشدارینەکردنی هەندێک لە خوێندکاران لە چالاکییە گروپییەکان لە دەرەوەی پۆل، هەروەها نەبوونی کتێبخانەی دەوڵەمەند بە تەکنیکە نوێیەکان و کەرەستەی فێربوون(Emenyeonu, ٢٠١٢: ٢٤٦).

لە کاتێکدا کە سوودەکانی SCL زۆرن، بەڵام توێژینەوەکانی پێشوو ئاستەنگی جۆراوجۆریان لە جێبەجێکردنی فێربوونی خوێندکار سەنتەری لە سەرانسەری جیهاندا ئاشکرا کردووە کە کاریگەریان هەیە لەسەر جێبەجێکردنی ئەم میتۆدە بە باشترین شێوە. ئاڵنگاری دامەزراوەیی و ژێرخانی ئەکادیمی : توێژینەوەی (Chaudhary, ٢٠٢٤) جەخت لەسەر گونجانی تەکنەلۆژی دەکاتەوە وەک ئاڵنگاری سەرەکی، بە تایبەتی ئاماژە بە سەختییەکانی گونجانی مامۆستایان دەکات لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی تەکنەلۆژیا. ئەم دۆزینەوەیە هاوتەریبە لەگەڵ توێژینەوەکەی (Katawazai, ٢٠٢١) لە ئەفغانستان، کە نەبوونی ژێرخان و سیستەمێکی گونجاوی وەک بەربەستی سەرەکی لەبەردەم جێبەجێکردنی SCL دەستنیشان کردووە.

٢سنووورداری سەرچاوە و تواناکان: سنووردارکردنی سەرچاوەکان بەردەوام لە توێژینەوەکاندا ئاماژەی پێکراوە. توێژەران (Tekle, Fesshaye, ٢٠١٧)، لە پشکنینی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵای ئێریتریا لە ڕێگەی ڕاپرسییەکەوە لە ٢٠٠ خوێندکار، تیشکی خستە سەر پێداویستییە گرنگەکان بۆ باشترکردنی شێوازی وانەوتنەوە، لەوانە تاقیگە، کتێبخانەی ئەلیکترۆنی و دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت. بە هەمان شێوە (Moges. ٢٠١٩)بە بەکارهێنانی میتۆدی تێکەڵاو لەگەڵ ١٢ مامۆستا و ٦٦ خوێندکار لە ئەسیوپیا، بۆی دەرکەوت کە نەبوونی ئاسانکاریەکان و دیزاینی پۆلەکان بە شێوەیەکی بەرچاو ڕێگریان لە جێبەجێکردنی SCL کردووە.

ئامادەیی و ڕاهێنانی مامۆستا: توێژینەوەکان پەیوەندییەکی ئاڵۆزیان ئاشکراکردووە لە نێوان هەڵوێستی مامۆستا و جێبەجێکردنی شێوازەکە. (Katawazai, ٢٠٢١) هەڵوێستی ئەرێنی مامۆستایانی ئەفغانستان ئاشکرا دەکات سەرەڕای کەمی ڕێژەی جێبەجێکردنی SCL ، هەروەها (Moges. ٢٠١٩) ئاماژەی بەوەداوە کە هەڵوێستە ئەرێنییەکانی مامۆستایانی ئەسیوپیا بەس نەبوون بۆ زاڵبوون بەسەر ئاستەنگەکانی جێبەجێکردندا. هەردوو توێژینەوەکە جەخت لەسەر پێویستییەکی گرینگ بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان دەکەنەوە.

بەشداریکردن و گونجاندنی خوێندکار: ئامادەیی خوێندکاران بۆ SCL وەک هۆکارێکی گرنگ دەردەکەوێت. توێژینەوەی (Moges. ٢٠١٩) دەریخستووە کە ترس و نەبوونی ئارەزووی خوێندکاران و کێشەکانی متمانە بەخۆبوون بەربەستی گەورەیان لەبەردەم جێبەجێکردنی SCL دروستکردووە. ئەم توێژینەوەیە پێشنیاری ئەوە دەکات کە جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی SCL پێویستی بە گرنگیدان بە ئامادەکاری مامۆستا و خوێندکار هەیە.

کات و تێچوون: توێژینەوەی (Chaudhary, ٢٠٢٤) بە تایبەتی تیشک دەخاتە سەر بەڕێوەبردنی کات و تێچووی ماددی وەک ئاڵنگاریەکی بەرچاو. توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکات کە چالاکییەکانی SCL پێویستیان بە سەرچاوەی زیاتر، تاقیگە و کاری پراکتیکی هەیە بە بەراورد بە شێوازە نەریتییەکان، ئەمەش وایکردووە جێبەجێکردنی SCL ئاڵنگاری گەورەی لەبەردەم دابێت لەبەرئەوەی تێچووی زیاتری هەیە.

## ئاڵنگاریەکانی فێربوون بەشێوازی خوێندکار سەنتەری لە زانکۆی کۆیە

پێواژووی بۆڵۆنا (Bologna process) لە ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢-٢٠٢٣ بۆ یەکەمجار لە زانکۆی کۆیە دەستی پێکرد، ئێستا لە سێیەم ساڵی جێبەجێکردنیدایە، ئەم پرۆسەیە هەروەک لە پێگەی تایبەتی زانکۆی کۆیەدا ڕوونکراوەتەوە، بەشێکە لە دەستپێشخەرییەکی فراوانتر بۆ هاوتەریبکردنی خوێندنی باڵا لەگەڵ ستاندارده ئەوروپییەکان، زانکۆی کۆیە ئەم پرۆسەیەی لە مەنهەجی خوێندنەکەیدا لە سەرجەم ئاستەکانی خوێندندا تێکەڵ کردووە (بەکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆرا)، بە ئامانجی بەرزکردنەوەی بەنێودەوڵەتیکردن و دڵنیابوون لە دانپێدانانی بڕوانامەکان. لەم پێواژووەدا جەخت لە دەرئەنجامەکانی فێربوون (Learning Outcomes)دەکرێت بۆ خوێندکاران، هەروەها ڕەچاوکردنی کریدیتی پێویست لە هەر کۆرسێکی خوێندن. وە لێرەدا بۆڵۆنا پرۆسێس و شێوازە نوێیەکانی پێداگۆجی ئاوێتە کراون بۆ فێربوونێکی باشتری خوێندکاران. لەبەرئەوە سەبارەت بە گرفتەکانی جێبەجێکردنی خوێندکار سەنتەری لە زانکۆی کۆیە کە هاوشێوەی زانکۆکانی تری هەرێمی کوردستانە لە ڕووی کوالیتی و چەندایەتیی و ژینگەی فێربوون، بە وەرگرتنی نموونەی ئامانجدار، چاوپێکەوتنم لەگەڵ (٢٠) مامۆستای زانکۆی کۆیە کرد کە دەرچووی خولی پێداگۆجی بوون لە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/١٠,١٤٥٠٠/kujhss.v٨n٢y٢٠٢٥.pp٤١-٤٧

سەنتەری پێداگۆجی و گەشەپێدانی ئەکادیمی زانکۆی کۆیە. ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنم لەگەڵدا کردوون، مامۆستای بەشەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بوون، چونکە لەم بەشانەدا بەزۆری شێوازی نەریتی بەکاردێت بەهۆی زۆری ژمارەی خوێندکاران، قەبارەی پۆلەکان، نەبوونی تاقیگە و چالاکی مەیدانی. بە گوتەی مامۆستایان، تارادەیەک ئەم شێوازە لە پۆلدا دەتوانن جێبەجێ بکەن بەهۆی ئەو گرفتە زۆرانەی کە لە بەڕێوەبردنی وانەکانیاندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

لەکاتی جێبەجێکردنی فێربوون بە شێوازی خوێندکار سەنتەری، ژمارەیەک ئاستەنگی جۆراوجۆر ڕێگرەبن لە جێبەجێکردنی بە باشترین شێواز، هەرچەندە SCL یارمەتیدەرە بۆ فێربوونی چالاک، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و بەشداریکردنی خوێندکاران لە ژیانی کرداری، بەڵام ئاستەنگەکان پرۆسەکە خاو دەکەنەوە. مامۆستایان لەکاتی جێبەجێکردنیدا ڕووبەڕووی کێشەی جۆراوجۆربوونەتەوە کە پەیوەستن بە خوێندکاران، مامۆستایان، ئاسانکاریەکان و ژێرخانی ئەکادیمی. ئەم ئاڵنگاریانە پێویستیان بە توێژینەوەیەکی ورد هەیە بۆ تێگەیشتن لێیان و پەرەپێدانی ستراتیژییەکان بۆ تێپەڕاندنیان، ئەمەش لە پێناوی دڵنیابوون لەوەی کە ڕێبازی خوێندکار سەنتەری لە زانکۆی کۆیە بە شێوەیەکی کاریگەر جێبەجێ بکرێت.

**میتۆدی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدی چۆنایەتیی ئەنجامدراوە بۆ پشکنینی جێبەجێکردنی فێربوون بە شێوازی خوێندکار سەنتەری لە زانکۆی کۆیە بە بەکارهێنانی نمونەوەرگرتنی ئامانجدار، توێژینەوەکە بە بەشداری ٢٠ مامۆستا ئەنجامدراوە کە تازە خولی ڕاهێنانی پێداگۆژیان تەواو کردبوو و لە بەشە جیاوازەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە ماوەی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣-٢٠٢٤دا وانەیان وتبۆوە. زانیاریەکان لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە و لەڕێگەی تەلەفۆنەوە کۆکراوەتەوە، بە نزیکەیی هەر چاوپێکەوتنێک ٢٠-٣٠ خولەکی خایاندووە و توێژەر مامۆستاکەی ئاڕاستەکردووە بۆ قوڵایی بابەتەکە و تیایدا تیشک خراوەتە سەر ئەزموونی پراکتیکی مامۆستایان و ئاستەنگەکانی جێبەجێکردنی فێربوونی سەنتەری خوێندکاری. چاوپێکەوتنەکە لە ئەزموونی گشتی وانەوتنەوە بەرەو پرسیاری تایبەت سەبارەت بە جێبەجێکردنی فێربوونی خوێندکار سەنتەری ڕێچکەی گرتووە ئەمەش وایکرد بەشداربووان گێڕانەوەی ورد سەبارەت بە ئەزموونەکانیان، ئاڵنگاری پراکتیکی و سەرکەوتن و بەربەستەکانی کە ڕووبەڕوویان بۆتەوە ئاماژە پێ بدەن. پرسیارەکانی چاوپێکەوتن لە گەڵ هەموو بەشداربوواندا یەکدەنگ بوو و توێژەر لە میانەی چاوپێکەوتنەکاندا تێبینییەکانی تۆمار کردووە. هەروەها ڕەزامەندی پێشوەختە وەرگیراوە لەهەر مامۆستایەک و ئامانجی توێژینەوەکەی بۆ ڕوونکراوەتەوە. هەروەها بۆ هەر بەشداربوویەک کۆد دیاریکراوە بە ڕێکخستنی زانیارییەکانی بەشداربووان و دووبارە نەبوونەوەی ناوەکانیان.

خشتەی (٢)

خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوە

| کۆدی بەشداربوو | دەقی سەرەکی | دەقی کورتکراوە | دەقی کورتی شرۆڤەکراو | چەمک/واژە |
|---|---|---|---|---|
| هەموو مامۆستاکان | مامۆستایان کێشەیان لەگەڵ کاتدا هەیە، ئەمەش وا دەکات تەواوکردنی مەنهەجی پەسەندکراو لە ماوەی دیاریکراودا قورس بێت. ئەم پرسە لەبەر ئەوە سەرهەڵدەدات کە فێربوون بەشێوازی خوێندکار سەنتەری چەندین چالاکیی لەخۆدەگرێت، کە کاتێکی زیاتر دەبات لە چاو شێوازە تەقلیدیی. | "هەموومامۆستایان کێشەیان لەگەڵ کاتدا هەبووە، بۆیە نەیانتوانیوە ئەو پرۆگرامە تەواو بکەن کە لەلایەن لیژنەی زانستی بەشەکانیانەوە پەسەندکراوە". | بەهۆی کەمی کاتەوە ناتوانرێت هەموو چالاکیەکان ئەنجام بدرێن. | کەمی کات |
| م١، م٤، م٧، م١١، م١٢ | هەماهەنگییەکی تەواو لە نێوان ئەو مامۆستایانەدا نییە کە شێوازی خوێندکار سەنتەری بەکاردەهێنن و ئەوانەی شێوازی تەقلیدی بەکاردەهێنن. ئەم نەبوونی هاوکارییە ڕێگری دەکات لە کاریگەریی ڕێبازی خوێندکار سەنتەریی. | "زۆربەی مامۆستایان، ڕێبازی مامۆستا سەنتەری پەیڕەو دەکەن و پشتگیری و هاوکاری ئەو مامۆستایانە ناکەن کە ڕێبازی خوێندکار سەنتەری لە پۆلدا جێبەجێ دەکەن". | دابڕان لەهەیە لەنێوان مامۆستاکانی هەر دوو میتۆدەکە. | نەبوونی هاوکاری |
| هەموو مامۆستایان | مامۆستایان بەهۆی ناتەواوی ئاسانکارییەکانی وەک بە ئینتەرنێت، داتاشۆ، شوێنی چالاکییەکان و نەبوونی کتێبخانەی ئەلیکترۆنی ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە. ئەم سنووردارکردنانە توانای ئەوان بۆ جێبەجێکردنی کاریگەرانەی فێربوونی خوێندکار سەنتەری سنووردار دەکەن. | "سەرجەم مامۆستایان ئاماژەیان بەوە کرد کە لە کاتی جێبەجێکردنی شێوازەکەدا ڕووبەڕووی یەک یان زیاتر لەم کێشانەی بوونەتەوە کە پەیوەندیدارن بە ئاسانکاریەکانەوە". | ئاسانکاریەکان کێشەیان بۆ ڕێبازەکە دروستکردووە. | نەبوونی ئاسانکاری |
| م١، م٦، م٧، م١٠ | ئەو خوێندکارانەی دێنە زانکۆ زۆرجار ئامادە نین بۆ شێوازی خوێندکار سەنتەری بەهۆی ئەوەی بەرکەوتنیان نەبووە لەگەڵیدا لە خوێندنی پێشوویاندا. ئەم بۆشاییە پێویستی بە خۆگونجاندن و کاتێکی بەرچاو هەیە بۆ ئەوەی خوێندکاران خۆیان لەگەڵیدا بگونجێنن. | "ئەو خوێندکارانەی لە پۆلی دوازدەهەمەوە دێن ئاشنای شێوازەکە نین، خوێندکارە نوێیەکان هیچ ئەزموونێکیان لەگەڵ ئەم شێوازەدا نییە، و کاتێکی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی خۆیان لەگەڵیدا بگونجێنن و وەڵامی ئەرێنی بدەنەوە." | نەبوونی پێشینەی خوێندکاران لەگەڵ میتۆدەکە. | نەبوونی بناغە |
| م١٤، م٥ | شەرمنی و دوودڵی لە بەشداریکردن لە چالاکییە گروپییەکان ڕێگری لە توانای خوێندکاران دەکات بۆ | "ئەم شێوازە فێربوونە چالاکترین و هاوکاریترینە بۆ پەرەپێدانی توانای | متمانەبەخۆنەبوون توانای پێشکەوتن پەک دەخات | شەرمنی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | بەشداریکردن لە لایەنە چالاک و هاوبەشەکانی فێربوونی خوێندکار سەنتەری. | خوێندکاران، بەڵام یەکێک لە کێشەکان شەرمنی و تێکەڵنەبوونی خوێندکارانە لە گروپەکاندا". | | |
| هەموو مامۆستایان | زۆرجار خوێندکاران بەرەنگاری ئەو ئەرک زۆریە دەبنەوە کە فێربوونی خوێندکار سەنتەری پێویستی پێیەتی، ئەمەش دەبێتە هۆی گلەیی و کەمی بەشداریکردن. | "مامۆستایان دەڵێن زۆربەی خوێندکاران پێیان خۆش نییە، بەرگری دەکەن و نارەزایەتی دەردەبڕن، چونکە ئەرکەکان زۆرن." | زۆری ئەرکەکان نارەزایی دروستکردووە | بەرگری کردن |
| م١٣، م٩، م١٢، م١، م٣، م٦ | زۆری خوێندکاران لە پۆلەکان وا دەکات بۆ مامۆستایان قورس بێت کە شێوازەکانی خوێندکار سەنتەری بە شێوەیەکی کاریگەر جێبەجێ بکەن، چونکە کێشەیان هەیە بۆ بەڕێوەبردن و هەڵسەنگاندنی چەندین چالاکیی. | "زۆربوونی خوێندکاران لە پۆلدا ئەرکیان قورس دەکات، و ناتوانن شێوازەکە وەک خۆی جێبەجێ بکەن." | زۆری خوێندکاران لەپۆل هۆی بەشداری نەکردنی هەمووانە | زۆری خوێندکاران لە پۆلدا |
| م٥، م١٢، م٧، م١١ | پەیوەندییەکی لاواز لە نێوان زانکۆ و کەرتی تایبەت هەیە، کە دەرفەتی خوێندکاران سنووردار دەکات بۆ جێبەجێکردنی فێربوونەکانیان لە چوارچێوەی جیهانی ڕاستەقینەدا. | "بەهۆی نەبوونی پەیوەندی نێوان زانکۆ و کۆمەڵگا، خوێندکار ناتوانێت بەشداری لە ژیانی ڕاستەقینەدا بکات و ئەزموونی کردەیی بەدەستبهێنێت". | پەیوەندی زانکۆ – کۆمەڵگە لاوازە | نەبوونی پەیوەندی |
| هەموو مامۆستاکان | پەیوەندی بەردەوام لە نێوان مامۆستایان و خوێندکاران لە پرۆسەی فێربوونی خوێندکاردا زۆر گرنگە، بەڵام پراکتیزەکردنی خراپی پەیوەندیکردن لە نێوانیان دەتوانێت کاریگەرییە ئەرێنیەکەی تێکبدات. | "قوتابیان کلتوری پەیوەندیکردنیان خراپە و ناتوانن بنەما گرنگەکانی پەیوەندیکردن لەگەڵ مامۆستاکەیان پەیڕەو بکەن". | خوێندکاران لە پەیوەندیدا خراپن | پەیوەندی نێوان مامۆستا و خوێندکار |
| هەموو مامۆستاکان | زۆرجار پرۆگرامەکە زۆرە و بەهۆی چالاکیە پێویستیەکان تەواو نابێت، ئەمەش دەبێتە هۆی کێشە لە جێبەجێکردنیدا. | "سەرجەم مامۆستایان جەختیان لەوە کردەوە کە نەیانتوانیوە پرۆگرامی خوێندن وەک خۆی جێبەجێ بکەن". | پرۆگرامی خوێندن تەواو ناکرێت | پرۆگرام |
| م١، م٢، م١٣، م١٠ | بە هۆی بەشداریکردنی نایەکسان لە کاری گروپی، وا دەکات هەڵسەنگاندنی دادپەروەرانەی خوێندکاران بە پشتبەستن بە بەشدارییە تاکەکەسییەکانیان قورس بێت. | "هەندێک لە خوێندکاران پشت بە کەسانی دیکە دەبەستن بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکان، لێرەدا ناتوانیت بە شێوەیەکی دادپەروەرانە هەڵسەنگاندن بۆ خوێندکاران بکەیت. | هەڵسەنگاندن کەموکورتی هەیە. | هەڵسەنگاندن |
| م١، م٧، م٩ | بارگرانی دارایی چالاکییەکانی فێربوون لەشێوازی خوێندکار سەنتەری، وایکردووە مامۆستایان خۆیان لە دانانی هەندێک ئەرک بەدوور بگرن. | "مامۆستایان خۆیان لە هەر چالاکیەک بەدوور دەگرن کە ببێتە هۆی بارگرانی دارایی بۆ خوێندکاران". | چالاکیە تێچووەدارەکان ئەنجام نادرێن | تێچووی دارایی |
| م٦، م٨، م٢ | جیاوازی ئاستی جێبەجێکردن لە نێوان مامۆستایاندا لە بنەماکانی خوێندکار سەنتەری دەبێتە هۆی ناتەبایی لە ئەزموون و دەرئەنجامەکانی خوێندکاران. | "هەندێک لە مامۆستایان زیاتر پابەندن بە جێبەجێکردنی زۆرینەی بنەماکانی خوێندکارسەنتەری ، لەکاتێکدا هەندێکی دیکە کەمتر پابەندن". | جێبەجێکردنی ناهاوتا | جیاوازی لە ئاستی جێبەجێکردندا |

## گەنگەشەکردنی ئەنجامەکان (Discussion)

ئامانج لە خستەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو سوود وەرگرتنە لە ڕووی تیۆری و مەیدانیەوە. هەروەها بەئامانجی سوود گەیاندن بە توێژینەوەکە لە میانی بەراوردکردنی ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکانی پێشوو پێیگەیشتوون. ئەو توێژینەوانەی کە پێداچوونەوەیان پێداکرا تیشک دەخەنە سەر ئاستەنگە بەرچاوەکان بۆ جێبەجێکردنی شێوازی خوێندکار سەنتەری (SCL) لە چوارچێوەی پەروەردەیی جیاوازدا، بەتایبەتی لە ناوچە گەشەسەندووەکاندا. لە ڕووی میتۆدۆلۆژیەوە، ئەم توێژینەوەیە و توێژینەوەکانی پێشوو میتۆدی جۆراوجۆریان بەکارهێناوە کە کاریگەری هەیە لەسەر دەستکەوتنی ئەنجامی جیاواز بۆ نموونە توێژینەوەی(Katawazi, ٢٠٢١) میتۆدی تێکەڵاوی بەکارهێناوە لەگەڵ چاوپێکەوتنی پسپۆران ئەمە وایکردووە ئەنجامەکان زیاتر جەختکردنەوە بن لەسەر ڕاهێنانی مامۆستایان، لەبەرامبەردا توێژینەوەی (Tekle & Fesshaye, ٢٠١٧) میتۆدی چەندایەتی بەکارهێناوە و ئەنجامەکانی جەختکردنەوەیە لە پێویستیی سەرچاوە و ئاسانکاریەکان ئەمەش لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی چۆنایەتی بەکارهاتووە و لەڕوانگەی مامۆستایانەوە ئەنجامەکان خراونەتەڕوو هەرئەمەشە جیاوازیەکی دروستکردووە لە ئەنجامەکاندا. سەبارەت ئەنجامەکانی پەیوەست بە ژینگەی خوێندنەوە، تایبەتمەندیە جوگرافی و کلتورییەکان هۆکاری هەندێک جیاوازین، توێژینەوەکانی کوردستان، ئێریتریا، ئەفغانستان، و ئەسیوپیا ڕەنگدانەوەی ئاستەنگە ناوچەییەکانی هەرکۆمەڵگەیەکن، وێڕای ئەوەی کە سیاسەتی پەروەردەیی و بارودۆخی ئابووری و دەوڵەتیی لەم ناوچانەدا جیاوازییەکی بەرچاو هەیە، بەڵام هێشتا لێکچوون و جیاوازی هەیە لە ئەنجامەکان (سەرەڕای بارودۆخە تایبەتەکان) بۆ نموونە نەبوونی هاوکاری لەنێوان زانکۆ و کۆمەڵگە یەکێکە لە بەرچاوترین جیاوازیەکان، بەهەمانشێوە لێکچوونیش هەیە بۆ نموونە کەمی ئاسانکاریەکان لە پۆلەکاندا. لەم ڕاستایەدا کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکان کاریگەریان لەسەر ئەنجامەکان هەیە، توێژینەوەی (Tekle & Fesshaye, ٢٠١٧) جەخت لەسەر پێداویستیە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/١٠,١٤٥٠٠/kujhss.v٨n٢y٢٠٢٥.pp٤١-٤٧


بنەڕەتیەکانی ژێرخانی خوێندن دەکاتەوە، بەڵام توێژینەوەکانی (Ibrahim ٢٠٢٤, Chauldhary ٢٠٢٤) جەخت لەسەر ئاستەنگی تەکنۆلۆژی دەکەنەوە لە پرۆسەکەدا، لەم توێژینەی بەردەستدا وێڕای هەبوونی هەندێک لە هاوشێوەیی لەگەڵ ئەم توێژینەوانە، دەتوانین ئاستەنگی (جیاوازی لە ئاستی جێبەجێکردن) لەم قۆناغەی میتۆدی SCL بە جەوهەری دابنێین، چونکە لە ئێستادا پەیڕەوانی هەردوو میتۆدەکە بوونیان هەیە و لەنێو بازنەی SCLیشدا ئەم جیاوازیە بەرونی هەیە. یەکێک لە هۆیەکانی جیاوازی ئەنجامی توێژینەوەکان بریتیە لە جیاوازی فۆکەس خستنەسەر ئاستەنگێکی دیاریکراو، (Chauldhary, ٢٠٢٤) سەرنجی لەسەر تەکنۆلۆژیابووە و تیشکی خستۆتە سەر بەربەستە تەکنیکیەکان، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا جەختکراوەتە سەر پرسەبنەڕەتیەکان بۆ نموونە ئاشنانەبوونی خوێندکاران لەگەڵ SCL لە قۆناغەکانی پێشتری خوێندن، هەرچەندە بابەتی تێکنۆلۆژیا وەک خاڵی هاوبەشی نێوان توێژینەوەکانە چونکە لە کۆنتێکستی هاوشێوەدان. دوا بەراوردیش بریتیە لە جیاوازی ڕێکخراوەیی، توێژینەوەکانی پێشوو بەشێوەیەکی گشتی جەختیان کردۆتەوە لەسەر ئاستەنگە دامەزراوەییە فەرمییەکان، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا ئاستەنگە نافەرمیەکانیش دەستنیشانکراون بۆ نموونە پەیوەندیەکانی نێوان مامۆستا و خوێندکار کە ئەمە ڕەنگدانەوەی ژینگەیەکی دامەزراوەیی جیاوازە لە توێژینەوەکانی تر و ئەمە ئاماژەیە بۆ ئاڵنگاری کلتوری کە لە توێژینەوەکانی تردا تیشکیان نەخراوەتەسەر.

**شیکردنەوەی ئەنجامەکان** : دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر ئاستەنگە فرەلایەنەکان لە جێبەجێکردنی شێوازی فێربوونی خوێندکار سەنتەری لە زانکۆی کۆیە، کە ڕەنگدانەوەی پرسە سیستەماتیکییە فراوانترەکانن لەناو سیستەمی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان. دەتوانین ئاستەنگەکان دیاری بکەین بە:

- **سنووردارکردنی سەرچاوەکان بەرامبەر بە پرسە دامەزراوەیی و سیستەمیەکان:** سنوورداری سەرچاوەکان (بۆ نموونە، کات، ئاسانکارییەکان، تێچووی دارایی) زۆرجار پرسە سیستەمییەکانی وەک نەبوونی هاوکاری و کێشە لەگەڵ دڵنیایی جۆری خراپتر دەکات. بۆ نموونە، زۆری ژمارەی خوێندکاران لە پۆلدا و نەبوونی ئاسانکارییەکان دەتوانن ڕێگرین لە جێبەجێکردنی تەواوەتی شێوازەکانی خوێندکار سەنتەری.

- **پرسە دامەزراوەیی و سیستەماتیکییەکان بەرامبەر بە پرسی خوێندکار و مامۆستا:** کێشە دامەزراوەییەکانی وەک ناتەواوی پەیوەندی نێوان زانکۆ و کۆمەڵگە و پرسەکانی دڵنیایی جۆری دەتوانێت کاریگەری لەسەر پەیوەندی نێوان خوێندکار و مامۆستا هەبێت، ئەمەش وادەکات خوێندکاران بەزەحمەت لەگەڵ شێوازە نوێیەکاندا خۆیان بگونجێنن.

- **پەیوەندی خوێندکار - مامۆستا:** تەحەددیاتی وەک شەرمنی و هەڵسەنگاندن و نەبوونی بناغە لە ژێر کاریگەری هەردوو سنووردارکردنی سەرچاوە و پرسە سیستەمییەکاندان. بۆ نموونە، نەبوونی ئاسانکاری و زۆری ژمارەی خوێندکاران دەتوانێت بەشداربێت لە دروستکردنی شەرمنی و دوودڵی لە بەشداریکردن لە چالاکییەکانی خوێندکار سەنتەری




شێوەی (٢) پۆلێنی ئاڵنگاریەکان (ئەم شێوەیە لەلایەن توێژەرەوە داڕێژراوە.

## دەرەنجامەکان(Conclusion)

ئەم توێژینەوەیە دیمەنی ئاڵۆزی جێبەجێکردنی فێربوونی خوێندکار-سەنتەری (SCL) لە زانکۆی کۆیە پێشان دەدات، پەردە لەسەر ئاڵنگاریە فرەڕەهەندەکان لادەدات کە لە پۆلەکاندا دەرکەوتوون. دۆزینەوەکان یەکترپێنێکی گرینگی بەربەستی دامەزراوەیی، پێداگۆجی، کولتووری و ژێرخانیی ئاشکرا دەکەن کە بەکۆمەڵ ڕێگری لە جێبەجێکردنی کاریگەرانەی SCL دەکەن. توێژینەوەکە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە جێبەجێکردنی SCL تەنها گۆڕانکارییەکی پێداگۆجی نییە بەڵکو گۆڕانکارییەکی سیستەماتیکی گشتگیرە کە پێویستی بە پشتیوانی دامەزراوەیی هەمەلایەنە هەیە. ئاڵنگاریەکان چەندین تەوەر دەگرێتەوە لەوانە کۆت و بەندەکانی دامەزراوەیی وەکو ژێرخانی ناتەواو، سنووورداری سەرچاوە و ئاسانکاریەکان، لاوازی پەیوەندییەکانی زانکۆ و کۆمەڵگا/کەرتی تایبەت، هەروەها ئاڵنگاریی پێداگۆژی لەوانە کێشەی بەڕێوەبردنی کات لە لایەن مامۆستایان، جێگیری پرۆگرام، سنوورداری شێوازی هەڵسەنگاندنی خوێندکاران و شێوازی جۆراوجۆری فێرکردن. هەروەها هۆکارە کۆمەڵایەتی- کولتوورییەکان لەوانە کەلێنی کارامەیی پەیوەندیکردن و دوودڵی /متمانەبەخۆنەبوونی خوێندکاران لە بەشداریکردن لە چالاکییەکان. بنەما لەسەر دۆزینەوەکان، توێژینەوەکە ژمارەیەک هەنگاوی پراکتیکی پێشنیازدەکات بۆ زاڵبوون بەسەر ئاڵنگاریەکان لەوانە : - پێداچوونەوەکردن بە ناوەڕۆکی کۆرسەکان کە بگونجێت لەگەڵ بنەماکانیSCL ، هەروەها ڕێکخستنی وۆرک شۆپی بەردەوام بۆ ئەوەی ڕێگە بە مامۆستایان بدرێت باشترین پراکتیزەکان لەگەڵ یەکتر هاوبەش پێ بکەن و پشتگیری یەکتر بکەن لە جێبەجێکردنی شێوازەکانی SCL. وە باشترکردنی ژێرخانی پەروەردەیی و گرنگیدانی زیاتر بە سەرچاوە تەکنەلۆژییەکان. هەروەها پتەوکردنی پەیوەندی نێوان زانکۆ و کۆمەڵگە لە ڕێگەی ڕێککەوتنی فەرمی لەگەڵ دامەزراوەکان بۆ دروستکردنی بەرنامەی مەشقکردن، هاوکاری پرۆژە، و دەرفەتی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بۆ خوێندکاران. وە هاوبەشکردنی بیرۆکەی پێداگۆجی لەگەڵ مامۆستایانی TCA تاوەکو یەک شێوازی فێرکردن هەبێت. هەروەها باشترە زانکۆی کۆیە گرنگی زیاتر بە کتێبخانەی ئەلیکترۆنی بدات، لە کۆتاییشدا گرنگە زانکۆی کۆیە هەماهەنگی زیاتری هەبێت لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە بۆ

Original Article |DOI: https://doi.org/١٠,١٤٥٠٠/kujhss.v٨n٢y٢٠٢٥.pp٤١-٤٧

بڵاوکردنەوەی بیرۆکە خوێندکار سەنتەری و جێبەجێکردنیان لە ناوەندەکانی خوێندن لە کۆیە و دەوروبەری بەتایبەت لە قۆناغی پێش زانکۆ(ئامادەیی). کە ئەمە دەکرێت پرۆگرامێکی ئیجباری بێت  کە خوێندکاران ئاشنا بکات بە ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاک.

کورتکراوەکان کە لە توێژینەوەکەدا بەکارهاتوون:

SCL : Student-Centered Learning

ICT: Information and Communications Technology

TCA: Teacher-centered Approach

## سەرچاوەکان

Aslan, S., & Reigeluth, C. M. (۲۰۱۵). Examining the challenges of learner-centered education. *Phi Delta Kappan, ۹۷*(٤), ٦۳–٦۸.

Chaudhary, S. (۲۰۲٤). Challenges in student-centered learning. *International Journal for Research in Applied Science and Engineering Technology, ۱۲*(۷), ۹۸۳–۹۸٦. https://doi.org/۱۰,۲۲۲۱٤/ijraset.۲۰۲٤,٦۳۷۰۲

Emenyeonu, O. C. (۲۰۱۲). Student-centered learning in Oman: Challenges and pitfalls. *International Journal of Learning and Development, ۲*(٥), ۲٤۳. https://doi.org/۱۰,٥۲۹٦/ijld.v۲i٥,۲٥٤۹

Handayani, S. A., Noni, N., & Ariyani, A. (۲۰۲۳). Challenges faced by students in learning listening comprehension in SMAN ۲ Jeneponto. *PERFORMANCE: Journal of English Education and Literature, ۲*(۲), ۱۹٥.

Katawazai, R. (۲۰۲۱). Implementing outcome-based education and student-centered learning in Afghan public universities: The current practices and challenges. *Heliyon, ۷*(٥), Article e۰۷۰۷٦. https://doi.org/۱۰,۱۰۱٦/j.heliyon.۲۰۲۱.e۰۷۰۷٦

Kumar, K. D. (۲۰۱٦). Challenges of implementing student-centered strategies in classrooms. *International Research Journal of Engineering and Technology (IRJET, ۳*(۱۲), ۱۲۲٤.

Lynch, M. (۲۰۲۲, July ۲۱). What is student-centered learning and why is it important? *The Edvocate*. https://www.theedadvocate.org/what-is-student-centered-learning-and-why-is-it-important

Moges, B. (۲۰۱۹). Contemporary Teaching-Learning Practices: Implementation and Challenges of Student-Centered Learning Approach in Higher Education of Ethiopia. *Journal of Education, Society and Behavioural Science*, ۳۲(٤), ۱–۱٦. https://doi.org/۱۰,۹۷۳٤/jesbs/۲۰۱۹/v۳۲i٤۳۰۱۸۱

Tekle, G., & Fesshaye, H. (۲۰۱۷). Investigating the challenges of student-centered learning in higher education institutions in Eritrea. *African Research Journal of Education and Social Sciences, ٤*(۳). https://www.arjess.org

van Laar, E., van Deursen, A. J. A. M., van Dijk, J. A. G. M., & de Haan, J. (۲۰۱۷). The relation between ۲۱st-century skills and digital skills: A systematic literature review. *Computers in Human Behavior, ۷۲*, ٥۷۷–٥۸۸. https://doi.org/۱۰,۱۰۱٦/j.chb.۲۰۱۷,۰۳,۰۱۰

Wulf, C. (۲۰۱۹). "From teaching to learning": Characteristics and challenges of a student-centered learning culture. In H. A. Mieg (Ed.), *Inquiry-based learning – Undergraduate research* (pp. ۷٥–۹۰). Springer. https://doi.org/۱۰,۱۰۰۷/۹۷۸-۳-۰۳۰-۱٤۲۲۳-۰_٥

Zohrabi, M., Torabi, M. A., & Baybourdiani, P. (۲۰۱۲). Teacher-centered and/or student-centered learning: English language in Iran. *English Language and Literature Studies, ۲*(۳), ۱۸–۳۰. https://doi.org/۱۰,٥٥۳۹/ells.v۲n۳p۱۸

Treve, M. (۲۰۲٤). Comparative analysis of teacher-centered and student-centered learning in the context of higher education: A co-word analysis. *Iberoamerican Journal of Science Measurement and Communication*, ٤(۲), ۱–۱۲. https://doi.org/۱۰,٤۷۹۰۹/ijsmc.۱۱۷.